کۆماری جەمهورییەتی دیموکراتی کوردستان . لەپاش 14 مانگ
ژیانی پڕ لە گیرو کێشەو دەردەسەری کۆماری مەهاباد ، 14
مانگ پڕ زۆران بازی لەبەینی خێرو شەڕو هێرشی دەرەوەو
دەوروبەری هەموو ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست . بێ گومان
گیروکێشەو زۆران بازی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەندو لە هەموو
لایەکەوە گەمارۆ دراو سوپای ئێران بەسەرکردایەتی ژەنەرال
(ڕەزمارای) دوژمن بەکورد ڕووی کردە کوردستان . هێرش بۆ
سەر کۆماری مەهابادو بە چاودێری ڕاوێژی کاری ئەنگلو
ئەمریکاو کۆمارە ساواکەی کورد جوانەمەرگ کراو قازیو گەلی
سەرکردەکان بەند کراون و لە ڕۆژی 31 ی ئازاری سالی 1947
سەعات 3 ی بەیانی ئەوڕۆژە لە مەیدانی چوارچرا لەشاری
مەهابادی خوێنین ئەم قارەمانە گیانی پاکی بەخشی بەخاك و
نەتەوەکەی لە گەل سەیفی قازی صدری قازی (3) سێ
سێدارەیان بۆ ڕێزکرا .

شایانی باسە قازی نەمر کەسەرکەوتە سەر سێدارەکە وتی چاوم مەبەستنەوە بالە دواهەناسەی ژیانمدا تێر تێر چوم بەشاخ و کێوەکانی کوردستاندا بگێڕم چاوم لەو میللەتە هەژارو بەش خوراوە بێت کەبێ بەرییە لەبەری ڕەنج و وولاتی و ئەو ئەمانەتەی من هەلگرتبوو بیدەمە دەست ئەو لاوە خوێن گەرمانەی کەهیوای دوالاوژن و لەو کاتەدا وەکو شێر هەوری کردو وتی •

(بژی نەتەوەی کورد ، بژی ئازادیو ڕزگاری کوردستان) .

ئیعدام کردنی قازی محمد بەهەموو دنیادا بلاوبووە گەلێ ڕۆژنامەو ئێستگەی جیهان باسی قارەمانییەتی قازیو هەورێکانی هەژاریو داماوی کورد تێكشكانی کۆماری کوردستانیان دەکرد . لەو کاتەدا ڕۆژنامەی (ئیزفستیا)ی سوفیەتی لەژمارەی 30 نیسانی 1947 دا دەلێ :

ئەوقارەمانانە کەشەهیدکران لەناو میللەتەکەیاندا ڕێزو خۆشەویستییەکی زۆریان هەبوو لەسۆزی گەلەکەیان بوون و قین نەبوون بەوسیاسەتەی کەئیمپریالیزم بۆ کۆماری کوردستانیان دانابوو . بۆیە ڕژێمی شاو ئیمپریالیزم پەلەیان کرد لەئیعدامی قازی محمدو سەدری قازیو سەیفی قازی . لەسالی 1956 دا نەقیب شەریفی باسی موحاکەمەکەی قازی دەکاو دەلێ :(شەریفی ئەو ئەفسەرە بوو کەحوکومەتی ئێران دایناباو دیفاع لەقازی بکات لەدادگادا) بەداخەوەم بۆ قازی محمدی نەمر چونکە ئەو مەردە نەك دیفاعی لەخۆیو لەحقوقی کورد دەکرد بەلکو دیفاعی لەحقوقی هەموو گەلانی ئێران دەکردو دەلێ : ئەو پیاوە مەردانە بەشێوەیەك بەرگریان لەبیروباوەڕیان دەکرد . بەمنطق و ئازایەتی دادگاکەیان دەگیرایەوەو ئەوان موحاکەمەی ئەفسەرەکانی ڕژێمیان کردو وتیان ئێمە لەسەر هەقین ، بەلێ بەم جۆرە قازی نەمر لاپەڕەیەکی پاك و شەریفی لەمێژووی کورددا بەجێهێشت و هەتا هەتایە هەر زیندووەلەدلی هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەردا نامرێ قازی هەمیشەوا لەتوێی دلدا دەژێ .

میرزا مارف

س . ع . شادمان

گەلێ لەشاعیرانمان کەکۆچی دواییان کردووە ناویان لەسەر ڕووپەرەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانا کوژاوەتەوە بێ ئەوەی خوێندەوارەکانمان یادی کۆچیان بکەنەوە وەیان ناو بەناو لەسەریان بنووسن .یەکێك لەوشاعیرانە ئەم شاعیرەمانە کەباسی ئەکەین و چرای ڕووناکی کۆڕی زانایان بووە . ناوی (مارف)ە کوڕی مەلا ئەحمەدە خەلکی سلێمانی یە ، خوێندنی لەقوتابخانەی دینی تەواوکردووە . چونکەخوێندەوار بووە ناوی میرزایان بەسەردا بڕیوەو پێیان ووتووە میرزا مارف ئەویش لەشیعر دانانا کردوویەتی بەنازناو بۆخۆی .

ژیانی خۆی بەکاروباری میرییەوە بردۆتە سەر ،جگەلەزوبانی کوردی ، عەرەبیو فارسی و تورکی زانیوە ، جگەلەکۆمەلەشیعرەکانی پەرتوکێکی بەناوی ـ حقائق وجیزە ـ داناوە بەکوردی کەهەمووی فەلسەفەو پەندو ئامۆژگارییە ، بەلام وەکو خۆی ئەلێت :

لەنوتی غەیرە ئەچێ قیمەتی ئەدەب ئەمڕۆ
کەوەك مەتاعی شکستەبەکەسرو کەم ئەڕوا ،

ئەم شاعیرەمان لەکاتێکا چاوی لێك ناو کۆچی کردوو ماڵ ئاوایی لێ کردین کەسەرەتای بەهاری خورەم بوو وەنێرگز چاوی کردبووەوە بەلام ئەم چاوی گەشی لێك نا .. کەڕێکەوتی ڕۆژی پێنج شەممەبوو ٢٩ـ٣ـ١٩٥٦ وە ١٦ی شەعبانی ١٣٧٦ی کۆچی بوو .

میرزا ڕێگایەکی ڕاستو ڕەوانی گرتووەو لەسەر ئەو ڕێ یەڕۆیشتووە بۆیە ئەڵێت :

وەکو لاوی سلێمانی کلاوم لار ئەکەم بێ باك
لەدەشتی مەحشەریشدا یەعنی لەسەریەك مەزهەبودینم
نەبۆ لای ڕاست ڕیاکارم ، نەبۆلای چەپ کەمەربەستەم
لەکوێیە(ڕاستی) لەوجێگەیەسەر چاوەیی ژینم
ئەوی هەق بێ ووتوومەهەر ئەشی لێم تاوەکوو مردن
هەقەیاسینی پێشمەرگم ، هەقەئاوازی تەلقینم
لەمردنما نیەپێویست بەواوەیلای کەسوکارم
کەچونکە ڕاستی‌یەدینم ، مەلایێك دێن ئەکەن شینم
منو سەرمایەیی ڕاستی درۆ کفرە لەلای (میرزا)
بەسەربەستی ئەلێم خاوەن دلێکی پاكو خاوێنم

ئینجاکەمیرزادێتەسەرباسی غەرامی‌وخۆشەویستی دولبەرەکەی پێی ئەلێتو ڕووی خۆی تێ ئەکاتو کەدلی من وەك ئاوێنەی بێ گەرد وایەتەماشای بکەبەچاوی خۆت ببینەکەلەتۆزیاتر کەسی تری تێدانیەو تۆش نەکەی لێم یاخی ببی‌و بەرد هەلگری ئەم شیشەی ئاوێنەیەکەبالای بەرزی‌و جوانی ڕووخساری خۆتی تیا ئەبینی‌و نەکەی بیشکێنی بڕوانن چەند بەناسکی‌وجوانی بۆمان دەردەبڕێتوئەلێت :

وەکوتلووس چیەئەمڕۆ بەناز خۆت ئەنەخشێنی
پەنا بەخوا بەچاوتادیارە دیسان دل ئەلەرزێنی
نەکەی بەرد هەلگری بۆ شیشەیی دل ، شێتەکەخۆ دل
لەتۆ زیاتر کەسی کەی تیانیە بۆ تێکی ئەشکێنی
لەلای خۆتەوەکوو ئاوێنەبێگەردەتەماشای کە
بەداییم خۆتی تیا بنوێنە ئیکەبۆچی ئەشکێنی
لەتووڕەبوونی دوێنێی تۆنەترسا دل کەئەیزانی
ئەمانە گالتەیە ببینی کەلێوی لێ ئەقووچێنی

بەهەر جەورو جەفایەك حەز ئەکەی دل بەندەیەتوخوا
بەدووری ڕووت نەکەی ئەم بەندەیەی خۆت داچلەکێنی
هەزار جەورو و جەفام دەرهەق بکەی من هەر ئەلێم خوایە
منالەدل ڕەقەخۆی چا ئەبێ تۆ لێمی نەستێنی
قوبانی من بەسەودای تۆوە عومرم بردەسەر تازە
بەدەرکردن لەئەم قاپی مرادەم تۆ ئەترسێنی
گەیشتمە بەردەمی دەرگانەکەت کەعبەی تەواق دل
لەلام یەکسانە ڕووت داپۆشی یاخوو بۆمی بنوێنی
بەمیرزا مارف ـی کەوتوومە بەندی پەرچەمی لولت
خەیالی خاوە تۆ بتوانی لەم بەندەم کەدەربێنی

میرزا لەگەل شاعیری نیشتمان پەروەر ئەحمەد موختار جافدا زۆر دۆستایەتی‌یان خۆش بووە جارێکیان ئەحمەد موختار ئەچێ بۆ سەفەرێ زۆری پێ ئەچێو کەدێتەوە میرزاهیچ پرسیاری لێ ناکاتو هەوالی ناپرسی بۆیە ئەحمەد موختار بەم هۆنراوانەگلەیی لێ ئەکاتو ئەلێت :

بێ وەفا مارف ـ لەبەرچی منلەبیرت چوو ەوە
بۆچی تۆ نازانی چەند ڕۆژێکەهاتوو ەوە
ئەی نەفام چۆن شێر ، ئەسیری پەنجەیی ڕێوی ئەبێ
شاهبازت دیوە تائەمڕۆ بەچنگی ـ بووم ەوە
هاتمەوە بەلکو کەچەند وەختێ لەخەم فاریغ ببم
چاوی فەتتانم کەدی دیسان لەسەر خۆ چوومەوە
ئەهلی ئەم شارەلەوەختێکۆ کەتۆ وونبووی لەمن
ماتو بێدەنگن بە(شێخو جوولەکەو مالوومەوە
زۆر ئەترسم تۆ نەبینم باز بڕۆمۆ چاوەکەم
نامرادو دەربەدەربم بەم دلەی مەحرومەوە
پێی ووتم یار بۆچی ـ ئەحمەد ـ قامەتت واخەم بووە
بۆچی ئێستاش وای بەداخی تاقی دوو ئەبڕۆمەوە

پەراوێزەکان :

١ ـ ڕۆژنامەی ژین .
٢ ـ گۆڤاری گەلاوێژ .
٣ ـ کەشکۆلی دەستنووسی خۆم .